مه هاباد قه ره داغی

# مافه کانی ژنان و ئه رکه کانی حکومه تی کوردستان



رامانێک له بزوتنه وه ی فێمینیستی کوردستان و،
به دواداچوونێکی خێرای "داخوازینامه ی ژنی کورد"

((به شی یه که م))

## پێشه کییه کی پێویست:

له 2004/7/12 دا له ته لاری په رله مانی کوردستان له شاری هه ولێر کۆنفرانسی (داخوازینامه ی ژنی کورد) ، که له ژێر دروشمی هه ڵبژارده ی " دیموکراسی و کۆمه ڵگه ی مه ده نی بێ به شداری ئافره ت مه حاڵه "، به سه رپه رشتی وه زاره ته کانی مافی مرۆڤ، به ڕێوه چوو.

داخوازییه کانی ژنی کورد بریتی بوون له نۆ خاڵی سه ره کی که به شێوه یه کی یاسایی داڕێژرابوون و په یماننامه نێونه ته وییه کانی وه کو جاڕی گه ردوونی مافی مرۆڤ و، به ڵێننامه ی نه هێشتنی تووندوتیژی دژ به ژنانی کردبوو به بنه ما، به شێوه یه کی فه رمی پێشکه ش به سه رۆکی حکومه ت و، په رله مانی کوردستان کرا و، له ڕێگه ی که ناڵه کانی ڕاگه یاندنیشه وه پێشکه ش به ڕای گشتی کوردستان کرا.[1] به رپرسانی حکومه ت و به تایبه تی سه رۆکی حکومه ت و نوێنه رانی په رله مان پێشوازییان له داخوازینامه ی ژنی کورد کرد و، به ڵێنیان دا ئه و داخوازیانه ڕه چاو بکه ن و ئه وه ی پێویست بێت بۆ به دیهێنانی ئه و داخوازیانه به ئه نجامی بگه یه نن. ئه گه ر ئه و پرۆژه یه له چه ند وشه یه کدا پێناسه بکه م، ده کرێ بڵێم داخوازینامه ی ژنی کورد هه وڵێک بوو بۆ که ناڵیزه کردنی بزووتنه وه ی ژنی کورد و به دوکومێنتکردنی داخوازیه کانی.

## ئامانجی داخوازینامه ی ژنی کورد و ئامانجی ئه م بابه ته :

وه ک پرنسیپێکی نووسین، هه موو بابه تێک ئامانجێک یان چه ند ئامانجێکی تێدایه . وه ک پرنسیپی خه باتکردن له بواری پرسی ژنانیشدا ئامانج کۆڵه که ی تێکۆشانه .

[1] بۆ بینینی ده قی داخوازینامه ی ژنی کورد و ڕاپۆرتێک له سه ر هه ردوو کۆنفرانسی له نده ن و هه ولێر که بۆ ڕاگه یاندنی داخوازینامه ی ژنی کورد سازکران، بڕوانه ماڵپه ڕی ژننامه: www.jinname.org

داخوازینامەیەک تا سەر لاپەڕەیە تیۆرییە، بەلام تیۆرییەک نییە لە پێناوی مانەوەی لە بۆتەی تیۆریدا، بەڵکە لەو تیۆرییەدا ئامانجەکان بەرجەستەن و، بەدیهێنانی ئامانجەکان مەبەستن. بۆ وەدیهێنانی ئەو مەبەستانەش میکانیزمی هەمەجۆر و هاوچەرخ پێویستن و، بە بێ بەرنامە و پرۆژەی کۆنکرێتی ژنان خۆیان و، بە بێ هاوکاری ناوەندەکانی بڕیار، ئاسان نییە بێتە دی. داخوازینامەیەکی بەرجەستە بۆ مافەکانی ژنان، وەک تیۆری ئامرازێکی هاوچەرخە بۆ خەباتی ژنان، بەلام پراکتیزەکردنی ئەو تیۆرییە ئامانجە، نەک خودی داخوازینامە.

پێشکەشکردنی داخوازینامەیەک بە لایەنی دەسەلاتدار لە هەر ولاتێکدا هەنگاوی یەکەمە بە نیازی پراکتیزەکردنی، بەلام ئەم هەنگاوە ئەگەر هەنگاوی تری بەدوادا نەیەت و لایەنی خوازیار بەدوای ئەو داخوازیانەدا نەچێت و لێی نەپرسێتەوە، لایەنی لێخوازراو ڕەنگە وەک پێویست ئەرکی خۆی ئەنجام نەدات.

لە پرسی "داخوازینامەی ژنی کورد" دا کە دوو مانگ پێش ئێستا پێشکەش بە سەرۆکی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان کراوە دوو لایەن و یەک پرۆژەی گشتی هەیە:

لایەنی داواکار: ژنانی کوردستانن. چونکە هەموو داخوازییەکان لە بەرژەوەندی ژنانی کوردستانن و لە بەدیهێنانیاندا مافەکانیان دەستەبەر دەبێت. واتە ژنانی کوردستان خۆبەخۆ بە گشتی دەبن بە خاوەنی پرۆژەکە.

پرۆژەی داواکراو: داخوازینامەی مافەکانی ژنی کوردە، کە لە شێوەی بەڵگەنامەیەکی یاسایی دا داواکانی ژنانی بۆ یەکسانی، دادپەروەری، دادسەروەری و دیموکراسی، داڕشتووە.

لایەنی داوالێکراو: حکومەتی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانە. چونکە ئەو دەزگایانە بەڕێوەبەری فەرمی ولات و کۆمەڵگەن، داخوازییەکانی هاولاتیانیان ئاراستە دەکرێت و ئەرکی ئەوانە ئەو داخوازییانە جێبەجێ بکەن.

لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا خەباتی ژنان سەرەتایەکی هەیە و ئەو دەستپێکەش لە لایەن چەند کەسێک یان چەند گرووپێکی ژنانەوە هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە و، ئەوان خۆبەخشانە ڕۆڵی پارێزەری مافەکانی ژنانیان وەئەستۆی خۆیان گرتووە و، داخوازییەکانی ژنانی ئەو کۆمەڵگەیەیان فۆرمۆڵە کردووە و، چالاکانە بەدوایدا چوون. بەلام لە ئاکامدا بەدیهاتنی ئەو ئامانجانەی ئەوان خەباتیان بۆ کردووە بووەتە دەستکەوتی گەورە بۆ هەموو ژنانی ئەو ولاتە و، بۆتە بنەمای گەشەسەندنی ژێرخان و سەرخانی ئەو کۆمەڵگەیە. لە هەموو کۆمەڵگە و ولاتێکیشدا داواکان ئاراستەی ناوەندەکانی بڕیاردان دەکرێن، واتە حکومەت و

په‌رله‌مان وه‌ک دوو ناوه‌ندی فه‌رمی و یاسایی که‌ ده‌سه‌لاتی بڕیاڕدانیان هه‌یه‌ ده‌بنه‌ لایه‌نی داوالێکراو، لایه‌نی داواکار ئه‌و که‌س و گروپ و ڕێکخراوانه‌ن که‌ بۆ گۆڕانکاری پێویست له‌ ژێرخان و سه‌رخانی کۆمه‌ڵگه‌ داخوازیه‌کانیان ده‌که‌ن به‌ پرۆژه‌ و پێشکه‌شی ده‌که‌ن.

بۆیه‌ ئه‌رکی به‌دواداچوونی داخوازینامه‌ی ژنی کورد پێوسته‌ ته‌نها نه‌که‌وێته‌ سه‌ر ئه‌و که‌سانه‌ی که‌ پێشکه‌شیان کردووه‌ به‌ ناوه‌نده‌کانی ده‌سه‌لات، به‌ڵکه‌ بکه‌وێته‌ سه‌ر هه‌موو ئه‌و که‌سایه‌تی و گروپ و ڕێکخراوانه‌ی که‌ وه‌ک پرنسیپ خه‌بات بۆ یه‌کسانی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی ژن و کۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نی، ده‌که‌ن. چوونکه‌ له‌ ئاکامدا ئه‌و پرۆژه‌یه‌ له‌ به‌رژه‌وه‌ندی گشتی کۆمه‌ڵگه‌دایه‌و، وه‌ک مافێکی گشتیش هه‌موو مرۆڤێکی کۆمه‌ڵگه‌ی کورد بۆی هه‌یه‌ له‌و پرسانه‌ بکۆڵێته‌وه‌ که‌ په‌یوه‌ندییان به‌ به‌رژه‌وه‌ندی گشتییه‌وه‌ هه‌یه‌ و، به‌ دوای ئه‌و داخوازییانه‌دا بچێت که‌ به‌دیهێنانی ده‌بێته‌ ده‌ستکه‌وت بۆ کۆمه‌ڵکه‌ نه‌ک بۆ تاکه‌که‌س. ئامانجه‌ سه‌ره‌کییه‌کانی من له‌م بابه‌ته‌دا و له‌ په‌یوه‌ندی به‌ پرسی ژنه‌وه‌، که‌ ده‌بن به‌ ستركتوری گشتی ئه‌م نووسینه‌ش، بریتیین له‌:

یه‌که‌م: به‌دواداچوونی داخوازینامه‌ی ژنی کورد. به‌لام وه‌ک ژنێکی کورد و وه‌ک نووسه‌رێک و داکۆکیکارێکی مافه‌کانی ژنان ئه‌م ڕۆڵه‌ به‌ ئه‌رکی خۆم ده‌زانم، نه‌ک وه‌ک که‌سێک له‌و سێ که‌سه‌ی که‌ پرۆژه‌که‌یان پێشکه‌ش کرد. چونکه‌ وه‌ک وتم پرۆژه‌که‌ هی کۆمه‌ڵگه‌ی کورده‌ به‌ گشتی و له‌ به‌رژه‌وه‌ندی گشتی کۆمه‌ڵگه‌ی کورددایه‌ و، هی ژنانی کوردستانه‌ به‌ تایبه‌تی و، له‌ به‌رژه‌وه‌ندی هه‌موو ئه‌و ژنانه‌یه‌ که‌ کوردستان نیشتمانیانه‌.

دووه‌م: به‌ مه‌به‌ستی وه‌بیرهێنانه‌وه‌ی ئه‌و به‌ڵێنانه‌ی که‌ حکومه‌ت و په‌رله‌مان له‌ ڕێگه‌ی ئه‌م پرۆژه‌یه‌وه‌ به‌ ژنانی کوردستانی داوه‌. بۆ ئه‌وه‌ی بزانین حکومه‌ت دوو مانگ دوای ئه‌و به‌ڵێنانه‌ چی بۆ ژنی کورد کردووه‌ و به‌ نیازه‌ چی بکات. له‌ ڕووی هه‌ست کردن به‌ به‌رپرسیارێتییه‌وه‌ به‌رامبه‌ر به‌ پرسی ژن له‌ ولاته‌که‌مدا، به‌ ئه‌رکی خۆمی ده‌زانم هه‌ر چه‌ند مانگ جارێ له‌ ڕه‌وشی ژنانی کوردستان بکۆڵمه‌وه‌ و چاودێری گه‌شه‌سه‌ندنی دۆخه‌کان بکه‌م و، له‌ که‌موکورییه‌کان وه‌ده‌نگ بێم و ئه‌و ئه‌رکانه‌ی که‌ پێویسته‌ جێبه‌جێ بکرێن وه‌بیری حکومه‌ت و په‌رله‌مانی بهێنمه‌وه‌.

سێیه‌م: وروژاندنی هه‌ندێ پرسیاری پێویست سه‌باره‌ت به‌ هه‌ڵوێست و ئه‌رک و مافه‌کانی ژنانی کوردستان، ڕێکخراوه‌کانی ژنان و هه‌ڵوێست و ئه‌رک و حکومه‌تی کوردستان.

چوارەم: هەندێک پێشنیاری کۆنکرێت کە لە پراکتیزەکردنی داخوازیەکاندا ڕۆڵ دەبینن، پێشکەش بکەم، بە نیازی ڕێنومایی لایەنی داوالێکراو و نیشاندانی میکانیزمەکانی وەگەڕخستنی پرۆژەکانی ژنان.[2]

چوارەم: لە ڕێگەی ئەم بابەتەوە داوا لە ڕای گشتی، لە ڕووناکبیرانی کوردستان، لە ڕێکخراوەکانی ژنان، لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان و لە وەزارەتی مافی مرۆڤ بکەم، کە ڕۆڵی لایەنی داواکار ببینن و لەو ڕووەوە **فشارێکی پۆزەتیف**، بە **زمانێکی مۆدێرن** و **بە ئامرازی خەباتی هاوچەرخ**، بخەنە سەر بەرپرسان، ئەگەر وەک پێویست وەڵامی داخوازییەکانی ژنانیان نەدایەوە.

مەبەستم لە **فشاری پۆزەتیف** میتودێکی نوێ و مەدەنییانەی ڕەخنەگرتنە لە دامودەزگای دەسەڵات. بە بۆچوونی من بە تایبەتی ئەو مرۆڤانەی کە خەبات بۆ دیموکراسی، مافی مرۆڤ، کۆمەڵگەی مەدەنی و دادپەروەری و هتد دەکەن، پێویستیان بە زمانێکی نوێ و مەدەنییە بۆ ئاخاوتن و ڕەخنەگرتن. لەوە ئاسانتر نییە گەلەکۆمەیەک لە حکومەت و بەرپرسان بکرێت و لەسەر رووی ڕۆژنامە کاغەزین و ئەلەکترۆنییەکاندا سەدان جنێوی مزریان پێ بدرێت لەسەر کەموکورییەکانیان، وەلێ ئەوە زمانێکی سەربازییە و میراتی کلتووری زاڵی باوکسالارییە. بە پێی هەندێ تیۆری دەروونیش زەبروزەنگ خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە. کەواتە ڕەخنەی سەربازی ئەنجامێکی نێگەتیڤی هەیە و دیارە مرۆڤی ڕووناکبیر بۆ ئەوە ڕەخنە ناگرێ کە ڕەوشەکان خراپتر بکات و زیان ببەخشێت، بەڵکە بۆ ئەوەیەتی کە ژیان جوانتر و دادپەروەرانەتر بەڕێوە بچێت.
مەبەستم لە ئامرازی هاوچەرخ بۆ خەبات ئەوەیە کە دنیای نوێ تا دێ زیاتر و زیاتر پسپۆڕێتی دەکاتە مەرج بۆ شایستەیی، لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا پێویستە ئەم پێوەرە برەوی هەبێت، نەک هەرکەسێ بۆی هەبێ هەرچییەک بەدەمیدا هات بە بێ بەڵگە دارکردنی بە ناوی ئازادییەوە بیڵێ یان بینووسێ و پێشێلی ئازادی ئەویدی بکات. لە حاڵەتی دووەمدا جگە لە پاشاگەردانی ئەنجامێکی پەسەندکراوی نابێت و، تەنها وزەی مرۆڤەکان بە فیڕۆدەچن.
**مافەکانی ژنان / ئەرکەکانی حکومەت**
**ئەرکەکانی ژنان / مافەکانی حکومەت**
هاوکێشەیەکی هەرە سادە و زێدە ناسراو کە لە بنەڕەتدا بەرەنجامی تیۆرییەکی بناغەییە لە زانستی ئابووریدا، بەڵام لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و لە زانستی سیاسەتیشدا برەوداره، هاوکێشەی ئەرک و مافە.

---

[2] ئەو پێشنیار و ڕێنوماییانەش نەک هەڕەمەکی بێ بەرنامەن، بەڵکە بەرەنجامی ڕامانی قووڵ و لێکۆڵینەوەکانی منن وەک پسپۆڕێکی بوارەکانی پەروەردە و دەروونناسی کۆمەڵایەتی.

لە شیکردنەوەیەکی سادە و سەرەتاییدا؛ بە پێی ئەم هاوکێشەیە، بۆ ئەوەی ماف بەدەست بهێنی دەبێت ئەرک بکێشی، تا ئەرک زیاتر بکێشی مافی زیاترت دەست دەکەوێت. پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە. واتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا. ئەگەر ئەم پەیوەندییە پێچەوانە بووەوە، یاساکە دەشێوێ و، هاوکێشەکە لاسەنگ دەبێت.

لەو کۆمەڵگانەدا کە ژنان ئەرکی زۆر دەکێشن و مافیان کەمە یان مافیان نییە، لاسەنگییەکی ترسناک هاوکێشەی هەموو پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگەی شێواندووە. کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە گشتی نموونەی ئەو کۆمەڵگانەن کە زۆرینەی ژنان ئەرکی زۆر دەکێشن، بەلام ئەو ئەرکانە لە ئەتمۆسفێری تایبەتی و ناو ماڵەکاندان و وەک ئەرکی لاوەکی و بێبایەخ چاویان لێ کراوە. لە کەشی گشتی دا ژنان ئەگەر دەریش بکەون، سنووردار دەکرێنەوە و ئاراستە دەکرێن و بەرژەوەندییەکانی ژنانیان لە بیر دەبەنەوە.

کۆمەڵگەی ئێمەش، لەو کۆمەڵگە نەریتییانەیە کە مەخابن لە هاوکێشەی ئەرک و مافدا لاسەنگی هێناوە و، هاوسەنگکردنەوەی ئەم هاوکێشەیەش ئەرکێکی گشتییە نەک تایبەتی. مەبەستی ڕاستەوخۆی من لە "ئەرکی گشتی" ئەوەیە کە هەرەوەزییەکی لەخۆبوردووانەی ڕووناکبیران، ڕێکخراوەکان، گرووپ و کەسایەتی مافخواز، یەکسانیخواز و ئازادیخواز پێویستە، کە بە ئامانجی هاوسەنگکردنەوەی لاسەنگەکان کار بکەن.

ژنانی کوردستان مافیان هەیە و ئەرکی حکومەتە بە یاسای دادپەروەرانە و هاوچەرخ و بە ڕێسا و ڕێنومایی مۆدێرن پاڵپشتی ئەو مافانە بێت. بۆ ئەوەی حکومەت بە شێوازێک ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێت کە لە بەرژەوەندی ژندا بێت، زۆر گرنگە ژنانی کوردستان خۆیان ڕێنوێنی حکومەت بن و، بەرنامە دابڕێژن بۆ چۆنێتی و چەندێتی ئەو گۆڕانکارییانەی کە پێویستن. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ژنان خۆیان بە ڕێژەیەکی کاریگەر لە ناوەندەکانی بڕیاردانندا بن، بە مەرجی ئەوەی ئەو ژنانە خاوەنی ڕووانینێکی فێمینیستانە بن. مەبەست لە ڕووانینی فێمینیستانە ئەوەیە کە جیهانبینییەکیان هەبێت کە لەسەر کۆڵەکەی یەکسانیخوازی و دادپەروەری بنیاتنرابێت و، بەو ئاراستەیە کار بکەن کە ئەلتەرناتیڤ بێت بۆ سیستەمی باوکسالاری. ئەمەش بەو مانایە نایەت کە زۆرجار لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لێی دەسڵەمێنەوە و وای لێکدەدەنەوە کە دایکسالاری ئەڵتەرناتیڤی سیستەمی باوکسالارییە. ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە کە ژنسالاری وەک ئەڵتەرناتیڤی پیاوسالاری ببیندرێت، ئیدی ئەو بۆچوونە هی ژن بێت یان هی پیاو. ئەڵتەرناتیڤی سیستەمی باوکسالاری سیستەمێکە مرۆڤ بە جیاوازی توخم و ڕەگەز و بەندیوارییە ڕۆحی و فیکرییەکانییەوە لە ڕووی مافەوە یەکسان دەبینێت. واتە لە سیستەمی ئەڵتەرناتیڤدا پلەوپایە و نرخ و بایەخی ژن ئاسایی دەبێتەوە و لاسەنگی لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکاندا هاوسەنگ دەکاتەوە. ئەم جیهانبینی و مرۆڤبینییەیە کە

پێویستە ژنانی ناوەندی دەسەڵات هەیانبێت، تا بتوانن لە پێکهێنانی ئەو سیستەمە ئەڵتەرناتیڤەدا کارا و کاریگەر بن.

ژنانی کوردستان بەرامبەر بەو مافانەی کە داوای دەکەن کۆمەڵێ ئەرکی گرنگیان دەکەوێتە سەر شان، کە بە بۆچوونی من ئەمانەن:

یەکەم: خاوەنی وتارێکی ئازاد بێت نەک شەرمن. دەنگ و داواکانی ژنان وەک خۆی و بە بێ لێدابڕان و لێداشکان بگەیەننە شوێنی مەبەست و سازشیان لەسەر نەکات. واتە بە ناوەندەکانی بڕیار و دەسەڵات.

دووەم: بەدواداچوونی داواکان لە پێشکەشکردنەکەی گرنگترە و، تا چڕتر بەدوایدا بچن، زیاتر ئەنجام بەدەست دەهێنن. هاودەنگی ژنان لەم پەیوەندییەدا بڕیاردەرە لەوەی کە دەسەڵات داواکانی بە هەند بگرێت و کاریان تێدا بکات.

بۆ ئەوەی لە بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکانەشدا کارا بن، خەباتکارانی بواری پرسی ژن گرنگە خاوەنی کۆمەڵێک سیفەتی جێگیر بن لە کەسایەتی دا و خاوەنی هەندێک هەڵوێستی جێگیر بن، بە بۆچوونی من ئەو هەڵوێست و سیفەتانە لە پێکهاتەکانی ڕەوشتی فێمینیستین و من لێرەدا گرنگترینەکانیان دەستنیشان دەکەم:

یەکەم: کارکردن بۆ مافەکانی مرۆڤ، یەکسانی و هاوسانی، دادپەروەری و دادسەروەری پرنسیپی سەرەکییان بێت لە ژیان و لە تێکۆشانیاندا.

دووەم: گەشبین و کۆڵنەدەر بن. لە بارودۆخی هەرە دژوار و هەرەسەختیش دا باوەڕیان بەو پرنسیپانە لەق نەبێت و کاری بۆ بکەن.

سێیەم: کەسانی ڕاشوێنێل (هزریار، عەقلانی) بن و، هزر ڕێنومایییان بکات بۆ هەنگاونان نەک هەست و نەست. بە بەرنامەو پلانەوە کار بکەن نەک تەنها لە ئەنجامی ڕووداوێکی کوتوپڕدا بکەونە خۆ و کاردانەوە بنوێنن.

چوارەم: کەسانی لێبوردوو، لەخۆبووردوو، سنگفراوان و بێ فیز و دانا بن. چونکە بە تایبەتی خەبات لە پرسێکی ئەوەندە ئاڵۆزی وەک پرسی ژن، مرۆڤ ڕووبەڕووی زۆر خەتەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکاتەوە، بە تایبەت لە کۆمەڵگە ئێکستریم نەریتی و پیاوسالارەکاندا.

پێنجەم: کەسانی ئازاد بن و، بە بێ شەرم و دوودڵی، بەو پەڕی بوێری و بەڕاشکاوی داخوازییەکان خۆیان بخەنە ڕوو.

ئەو سیفەت و هەڵوێستانە بۆیە گرنگ و جێی بایەخن بۆ خەباتکارانی پرسی ژنان بە گشتی و بۆ خەباتکارانی پرسی ژن لە کوردستاندا کە من لەم بابەتەدا بە تایبەتی مەبەستمە، بە تایبەت بۆ ژنانی پێشڕەوی ئەم خەباتە، چونکە مەخابن کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی زێدەنەریتییە و، سترکتووری خێزان، کۆمەڵگە، حیزبەکان، دامودەزگاکان و حکومەت سترکتورێکی پاتریارکییە و، دەستکاریکردنی ئەو سترکتوورە و هەڵوەشاندنەوەی و بنیاتنانەوەی بە شێوازێکی مۆدێرن کە خەباتکارانی ژن خوازیاریین، لە بەرژەوەندی کۆنەخوازەکاندا نین و دەشێت ژنانی پێشڕەوی ئەو خەباتە ڕووبەڕووی ئەم خەتەرانە ببنەوە:

- لە لایەن کەس و لایەن و هێزە کۆنەخوازەکانەوە بە میتودی توندوتیژی دەروونی و فیزیکی بەرهەڵستی بکرێن.
- هەوڵ بدرێ بە میتودی هاوسۆزی دەستیان پێ لە داواکانی ژن بەردەن و سازشیان لەگەڵدا بکەن.
- بە میتودی بوختان، جنێوبازی، فەتوا، سوکایەتی و ڕەخنەی ئازاردەر و تووڕەکەر بێئومێدیان بکەن و، ڕەشبینیان بکەن و هەوڵەکانیان وەک بێبایەخ و بێهودە بناسێنن.
- گەلەکۆمەیەکی هاوبەشی سەلەفییەکان، کۆنەخوازەکان و ئەو پیاوانەی کە لە دەسەڵاتدان و پێیان وایە بەو گۆڕانکارییانە جێگەیان لەق دەبێت، هاوتەریب لەگەڵ گەلەکۆمەی ڕوشنبیری ساختە، پێشکەوتنخوازی ساختە و یەکسانیخوازی ساختە، کە ئەمانیش بە میتودی ڕەخنەی داپڵۆسێنەر، ڕەخنەی هیچگەرایی و ڕەخنەی ئەنارشیستی، گورز دەوەشێنن لە کەسانی خەباتکاری بواری پرسی ژن.

ژنانی خەباتکار، ئەگەر خاوەنی ئەو سیفەت و هەڵوێستانە نەبن کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، ناتوانن بەردەوام بن لە تێکۆشان بۆ کێشەیەک کە ئاڵۆزترین کێشەی مرۆڤایەتییە. بەردەوامیدان بە خەبات، سەرەڕای هەموو ئەو بەرهەڵستی و بەربەستانەی کە لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی، کە سیستەمی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی باوکسالاری تێدا باڵادەستە، تەنها ئەو کەسانە دەیتوانن کە خەباتکردن بۆ پرسی ژن پرنسیپێکی جێگیریانە و هەموو سەختییەکانی ئەم خەباتەشیان هەر لە سەرەتاوە لەبەرچاو بووە و قبوڵیان کردووە، کە ئەمەشیان پێویستی بە سیفەتی لەخۆبووردوویی و بوێریە لە کەسایەتییاندا هەبێت، یان لە دەروونی خۆیانی بچێنن. ((ماویەتی))